Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# ڕەگەزەکانی چیرۆك لە داستانی

# (مەم و زین)ی خانی دا

**سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی**

| | |
|---|---|
| پەرتووك | **رەگەزەکانی چیرۆك لە داستانی (مەم و زین)ی خانی دا** |
| نڤێسەر | د. نەوزاد ئەحمەد عوسمان زێباری |
| چاپ | ئێکێ/ ٢٠٢٤ |
| دیزاین | رمزیه خلیل احمد<br>دیار عبدالله |
| پێداچوونا دیزاینێ و بەرگ | وارهێل عبدالباقی |
| ISBN | ٩٧٨ -٩٩٢٢ -٦٦١ -٣١ -٥ |
| ژمارا سپاردنێ | ٢٤ / ٢٥٠٣ / - D |



مافێ چاپێ یێ پاراستیە بۆ ©
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

zcks@uoz.edu.krd +964 (0) 751 536 1550
Iraq-Kurdistan Region, Zakho- Univesity of Zakho

# ڕەگەزەکانی چیرۆك لە داستانی
# (مەم و زین)ی خانی دا

د. نەوزاد ئەحمەد عوسمان زێباری

# پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بارەی شیکردنەوەی ڕەگەز و بنەماکانی چیرۆکە لە داستانی (مەم و زینی خانی) دا.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم داستانە بۆ ئەم باسە ئەوەیە کە:

بە کۆنترین داستانی شیعری کوردی دەژمێردرێت، کە بەشێوەیەکی ئەدەبی و شێوازێکی پتەو داڕێژ ڕابێت، دەقەکە بە زمانی کوردی نووسراوە، لە کاتێکدا ئەدەبی ئەوسەردەمە بە زمانی، عەرەبی و تورکی و فارسی دەنووسرا، بەم جۆرە (خانی) توانی ناسنامەی کارەکەی بە هۆی زمانی زگماکی بچەسپێنێ، کەوا شایانی شیکردنەوە و ووردبوونەوە یە، هەروەها بەهۆی ئەو تێڕوانین و بۆچونانەی کە تێیان دایە و زۆربەی دیاردە و نەریتی ئەو سەردەمەی تێدا ڕەنگداوەتەوە.ئەم لێکۆڵینەوەیە بایەخ بە لایەنی تیۆری و پراکتیکی دەدات لە بواری چیرۆك و ڕۆمان و چەسپاندنی پەیوەندی و پێکەوە بەستنی نێوان ئەمانە و داستان.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ شیکردنەوەی بنەماکانی چیرۆك بە شێوەیەکی فراوان لەم داستانەدا. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵمان داوە بە ووردی لایەنی تیۆری پیشان بدەین، چونکە بە شەنگست و بنەڕەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەمان زانی تاوەکو بە شێوەیەکی ئەکادیمی دەربچێت.لایەنی تیۆریمان وەك دەروازەیەك داناوە، پاشان لایەنی پراکتیکی دێت، کە بریتییە لە سەپاندنی ئەو ئاستە تیۆریانەی کە لە نێو دەقی (مەم و زین) دایە،بە پێویستمان زانی بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک مەبەست پەنا بەرینە بەر چەند نەخشە و وێنەی ئاشکرا کردن، ئەگەر چی زۆربەی چاپەکانی (مەم و زینی خانی) مان بەرچاو کەوت، کە تا ڕادەیەك لە یەك دەچن، بەڵام تەنها سآ لەم چاپی مەم و زینەمان بە کارهێناوە، ئەوانیش:

١. چاپی هەولێر، کە لەلایەن گیوی موکریانییەوە ئامادە کراوە.
٢. چاپی ئێران لە لایەن پەروێزی جیهانییەوە ئامادە کراوە.
٣. چاپی بەغداد لە لایەن ئەمینی ئۆسمان ئامادە کراوە.

لە چاپی دووەم و سێیەمدا دێڕەکانی شیعرەکە بە شێوەیەکی پوخت و ڕێک ژمێردراون، پێنج پێنج ژمارەیان خستۆتە بەر دەمیان، بێگومان ئەمەش بەو جۆرە پەیڕەو کراوە لە کاتی ئاماژەکردن لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەڵام لە چاپی یەکەمدا تەنها لاپەڕەکان دانراون کەچی لە ئاماژەکردندا پەیڕەوی هەمان ڕێبازی چاپ کراوە.بەشێوەیەکی گشتی پەراوێز بۆ دەقی شیعری لەم لێکۆڵینەویەدا نەکراوە، بەڵکو بۆ ڕونکردنەوەی سەرچاوەکان یەکسەر ئەوەی پێویست بوو لە دوای دێڕەکانمان نووسی بە مەبەستی کورت کردنەوە، هەروەها بۆ سەرچاوەی یەکەم وشەی (هەولێر) مان دانا وەك ئاماژە بۆ چاپی گیوی موکریانی، بۆ چاپی دووەم جیهانی و بۆ چاپی سێیەم ئۆسمان بەکارهاتووە.

ڕەنگە هەندێک بەکارهێنانی زاراوە چیرۆك و ڕۆمان بۆ هەمان مەبەست بەدی بکرێ، بە تایبەتی لە دەقە وەرگێڕدراوەکان لە سەرچاوەی بێگانەوەدا، چونکە هەردووکیان لە لایەنی هونەری شتی هاوبەش دەگەیەنن، ئەگەرچی بە ناوی چەشنی ئەدەبی یەك نیین،چیرۆکە لە لایەنی گێڕانەوەدا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پێشباس دەست پێدەکات،کە بریتییە لە پێناسەی داستان و جۆرەکانی و پەیوەندی لە گەڵ چیرۆك و ڕۆمان لە ئەدەبی جیهانییدا، لەگەڵ جێگا و پایەی ئەم داستانە لە ئەدەبی کوردیدا لە لایەن ڕۆژهەڵات ناسەکان، هەروەها ئاماژە بۆ چاپەکانی و چی لەسەر نووسراوە بەمەبەستی شیکردنەوە و وورد بوونەوە لێیان.ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسەر پێشباس و پێنج بەش دابەشکراوە، بەم جۆرە:

بەشی یەکەم تا ڕادەیەك بە تەواوکەری پێشباس دادەنرێت،چونکە باسی ژیانی شاعیر و سەردەم و پلەی ڕۆشنبیری ولایەنی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری و ڕەنگدانەوەیان لە بەرهەمی ئەحمەدی خانییدا دەکات.

بەشەکانی (دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) بریتیین: لە دەسنیشانکردن و شیکردنەوەی ڕەگەزەکانی چیرۆکەکە، هەر یەکێکیان بە دەروازەیەکی تیۆری

دەست پێدەکات و پاشان پراکتیکی ئەو لایەنە تیۆریانە دەکەین بە هێنانەوەی نموونەی شیعری، کە بەم شێوەیەیە:

بەشی دووەم هەڤ پەیڤین بە جۆرەکانی کۆن و تازەوە بە پێی بۆچوونی ڕەخنەگر و پسپۆڕانی ئەم بابەتە.

بەشی سێیەم، کەسایەتی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

بەشی چوارەم، شوێن و کات کە بە سەر دوو تەوەرەدا دابەشکراوە.

یەکەم: شوێن و جۆرەکانی.

دووەم: کات و جۆرەکانی.

بەشی پێنجەم، و کۆتایی بۆ گێڕانەوە تەرخانکراوە، هۆکاری دواخستنی ئەم گێڕانەوەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بینادکاری ڕەگەزەکانی تر لەسەر هەموو پێکهاتن و بەیەکەوە بەستنی گێڕانەوە ئەنجام دەدرێت و دەکرێن. چونکە ئەگەر ئەمە ئاشکرا بوو ئەوا گێڕانەوەش ئاشکرا دەبێت، کەواتە بە (پێوەر و تورەمۆمێتەرێک) دەژمێردرێت. بە هۆی ئەوەوە پلەی سەرکەوتن و دواکەوتنی چیرۆك دەزانرێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە ئەم بەشە لە هەموویان درێژترە، پاشان نامەکە بە ئەنجام و پوختەی باس کۆتایی دێت.

### ئامانجەکان

رامان لەسەر ئەم نامەیە بە کورتی بۆ هێنانەدی  ئەم ئامانجانەن:

١. چەسپاندنی ئەوەی کە مەم و زینی خانی بە یەکەم هەنگاوی چالاك لە بواری چیرۆکی کوردی دەژمێردرێت، چونکە زۆربەی ڕەگەزەکانی چیرۆك و ڕۆمان هەڵدەگرێت.تەنانەت هەندێک بۆچوونی خانی لەگەڵ بۆچوونی هەندێک لە ڕەخنەگرانی هاوچەرخ دەگونجێت، وەکو: ((داپۆشین "قناع" و دەوروبەری ڕۆمان))، کە ئێستا هەر یەك بووەتە زاراوەی سەر بەخۆ بۆ جۆری ڕۆمان لە ئەوروپادا ((الرواية المقنعة The Masked novel وما وراء الرواية، حول الرواية Meta fiction)).

٢. بایەخدان بە ڕەگەزەکانی چیرۆك لە دوو تەوەری تیۆری و پراکتیکییەوە، هەروەها شیکردنەوەی لایەنی چیرۆکی ئەم داستانە، کە یەکەم جارە بەم شێوە فراوانە باس دەکرێت.

٣. پێشکەشکردنی هەندێک بیر و بۆچوونی تازە لە ئەدەبی چیرۆکدا، بە شێوازێکی ئاشکرا، وەکو وێنەی ئاشکراکردن لە پاڵ پەیوەندی و هاوبەستنی نێوان چیرۆك و داستاندا، بەگوێرەی ئەو بۆچونەی کە دەڵێت: ((داستان دایکی ڕۆمانە))، کەواتە پەرەسەندنی چیرۆك لە نێو ئەدەبی جیهانیدا بەم جۆرەیە:

٤. ئەفسانە و حەکایەت ← داستان ← چیرۆك و جۆرەکانی ڕۆمان و جۆرەکانی.